
# هەنار

وەرگێڕانی: عەبدولواحیدی خەندەڕەش



هەنار میوەیەکە کە دارای رابردوویەکی زۆر سەرنج راکێشە. بەگوێرەی ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆن پێرسیفۆن Persephone ئەوکاتە کە لە دۆزەخ بوو هەناری خواردبوو. لەبەرئەوەی شەش دەنکە هەناری قووتدابوو، ناچار کرا کە هەر ساڵێك شەش مانگ لە جیهانی ژێرەوەدا ژیان بکات! بەلای یۆنانییەکانەوە هەناری پڕدەنك و پڕئاو هێمای هێزی تاریکی بووە.

لە وەلاتی چین هەنار هێمای پیت و فەڕ بووە. شاسلێمان بەوچەشنە کە لە ئینجیل دا هاتووە باغێکی هەناری هەبوو. کاتێك کە بەنی ئیسراییل پەرەوازەی چۆلەواران بوون زۆر تامەزرۆی ئەو هەنارانە بوون کە لە میسر خواردبوویان. موحەممەد ئامۆژگاریی پەیڕەوەکانی خۆی کردووە ( هەنار بخۆن بۆ پاکردنەوەی دەروونتان لە کینەو ئێرەیی) .

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەنار لە جیهانی کۆنی رۆژهەلاتدا میوەیەکی گرینگ بووە. وا باوەڕ دەکرێت کە زێدی ئەسلێی هەنار ئێران بێت، بەلام زۆر لە کۆنەوە لە وەلاتە گەرمەسێرەکانی باشووری ئاسیا، باکووری ئەفریقا و باشووری ئەورووپا رووا‌وە. رواندنی هەنارلەم سەردەمە، لە باشوور و نێوەڕاستی ویلایەتە یەکگرتووە کانی ئەمریکادا باوە.

هەنار درەختێکی بەپۆرە یان دەکرێ بلێین دەوەنێکە لە یەك مەتر ونیو تاوەکوو شەش مەتر بالا دەکات. گەلایەکانی لووس و بریقەدارن و بەسەر چلووکی پەلەکانییەوە گولێکی مەرجانیی– سووربا‌و دەردەکات.

میوەکەی بەقەد پرتەقالێك دەبێت. توێکلەکەی وە قایش دەچێت و زەردێکی تۆخی تێکەل بە سوورە. نێوەوەی پڕە لە دەنکی ورد ورد کە بە کرۆکی شیرینی سووری ئاودار داپۆشراون. ئەم ناوکانە بەزۆری دەکرێنە نێو خۆشاوە ساردەکانەوە. چێژ و مەزەی هەنار وای لە خەلکی مەلبەندە گەرم و وشکارۆیەکان کردووە کە وەك میوەیەکی خۆش و بەتام حیسابی بۆ بکەن.

هەنار زۆر جۆری هەیە، موسولمانیکی باشووری رۆژاوای ئەفریقا 700 سال لەمەوبەر لەم بارەیەوە نووسیویەتی و پەسنی دە جۆری جیاجیای هەناری کردووە کە ئەو کاتە لە ئیسپانیا روێندراون. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سێ جۆری گرینگ دەروێندرێن کە پێیان دەلێن. the Wanderful، the Paper-Shell، the Spanish Ruby

سەرچاوە:

- A. Leukman، (١٩٨٤) ، *More tell me way*، Hamlyn Publishing Group، London، NY، Sydney، Toronto. P. 76

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەل بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە. لەگەل رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15–1–2003